کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1-5-2007 14:53

# بەمەرگی ناحەقانەی "دوعا"، باخۆمان نەکەین بە خۆراکی تیرۆریستان ... زانا قاسم دزەیی

بێگومان ئەوەی کە هەموو لایەك لە بوویەری مەرگی "دوعا" بینیمان لە کەلتوری هەموو نەتەوە و



ئایینێك شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، ئەمە ڕووداوێکی دوور لە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکانە و هیچ پاساو و بیانوویەك هەڵناگرێت، بەکورتی ئەمە تاوانێکە و بێدەنگبوون لێی دیسان تاوانێکی لەو گەورەترە و لەهەمان کاتیشدا دەبێ ئاگاداربین کە هەڵە بە هەڵە چارەسەر ناکرێت.

ئەوەی من مەبەستمە چۆنییەتی مامەڵە کردنە لەگەڵ ئەو ڕووداوە! لەسەرەتادا دەمەوێت هەموو لایەك ئاگادار بکەمەوە کەمن وەك ڕۆژنامەنووسێك بەو پەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتەوە مامەڵەم لەگەڵ ئەو ڕووداوە کردووە و تا توانیومە هەوڵم داوە زانیاری دروست و دوور لە قسەی هەڵبەستراو کۆ بکەمەوە بۆ ئەوەی دیوە ڕاستییەکانی ئەو ڕووداوە بخەمە ڕوو...

لەسەرەتادا ویستم کە بزانم لەکوێوە بابەتی "عاشق بوونی دوعا" دەست پێدەکات، بەڵام ئەوەی کە بۆم ڕوونبۆوە تەمەنی عەشقەکەی "دوعا" زۆر سەرەتایی بووە و بنەماڵەکەی خۆشی باش ناسیوە و زانیویەتی کە دەرەنجامەکەی باش نابێت، بۆیە بەوپەڕی نهێنییەوە عەشقەکەی پاراستووە.. زۆر گەرام بەدوای کەسێك کە بتوانێ شتێکی دوعام بۆ باس بکات بەر لە ڕووداوەکە، کەچی لەبەر ئەوەی دوعا کچی ماڵ بوو (نەیدەخوێند) نەمتوانی کچێکی هاورێی بدۆزمەوە خەمەکانی " دوعا"م بەر لە مەرگی بۆ باس بکات.

ئیدی ئەوەی کە من دەستم کەوت چەند زانیاریەکی سەرەتایین و دەبێ بۆ خۆ پاراستن لە ویستی تیرۆریستان و ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ ئاگری عێراق بۆ ناو خاکی هەرێم بگوازنەوە بەهەندیان وەربگرین و عاقڵانە لێیان وورد بینەوە.

دەستپێکی ڕووداوەکە:

لە بەدواداچوونەکەمدا ئەوەی کە بۆی گێرامەوە لێرەوە ئاگاداربوو کە کاتێك "دوعا خەلیل ئەسوەد" لەگەڵ خۆشەویستەکەی (موهەنەد ئیبراهیم خەلیل) لە یەکێك لە باخچەکانی نێوان گوندی بەحزان (کە ماڵی دوعای لێیە) و بەعشیقە (کەماڵی موهەنەدی لێیە) لە لایەن باوکی دوعا (مفەوەزی پۆلیس بوو لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو) و مامێکی و خاڵێکی بەیەکەوە دەبیندرێن، دەبێتە قەرەباڵغی و بەهۆی نزیکی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لەو شوێنە، موهەنەد و دوعا بۆ ئەو بارەگایە دەگوازرێنەوە، هەر ئەو ڕۆژە موهەنەد تەسلیم بە پۆلیس دەکرێت (تا ئێستاش لە بنکەی پۆلیسی بەرتڵە بەندکراوە) و دوعاش 2-3 ڕۆژ لە بارەگاکە دەمێنێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوای ئەو ماوەیەی کە دوعا لە بارەگاکەی پارتی دەمێنێتەوە، "سلێمان سبۆ" کە گەورە قەوالێکی تایفەی ئێزیدییە لە بەعشیقە بەڵێنی پاراستی گیانی دوعا بە بەرپرسانی بارەگاکە دەدات و دوعا وەردەگرێتەوە..

ئیتر لەکاتی دوورخستنەوەی لە بارەگاکە بەو شێوە دڕندانەیە دوعا بەرد و (بلۆك) باران کرا و دواتر سووکایەتی بە جەستەی بێ گیانی کرا.

دەمەوێت ئەوش ئاشکرا بکەم کە دوای کوشتنی دوعا بەو وەحشییەتە، لە لایەن پۆلیسەوە لێکۆڵینەوە لەو کێشەیە دەستی پێکردووە و چەند رۆژێك لەمەوبەر تەرمی دوعا لە گۆڕەکەی هێندراوەتە دەرەوە و گواستراوەتەوە دادپزیشکی موسڵ بۆ پشکنینی (پاکیزەیی) کچێتییەکەی و ئەنجامدانی ئەو پشکنینانەی کە دەبێ لە دۆسیەی لێکۆڵینەوەکەدا بەپێی یاسا هەبن. هەروەها بەپێی هەواڵێکی پەیامنێری ئاژانسی (پەیامنێر) لە موسڵ، دوو لە بەشداربووان لەکوشتنی دوعا دەستگیرکراون.

دوعا نەبووە بە ئیسلام

زۆرێك لەوانەی فیلمی شەهید کردنی دوعایان بینی بەتایبەتی کاتێك یەکێك بەدەنگێکی بەرز دەڵێت (وقع علی دینو) وا تێگەیشتوون کە ئەوە مانای موسڵمان بوونی دوعایە بۆیە دەیکوژن، بەڵام ئەو رستەیە بەکەسێك دەوترێ کە لە بنەماکانی ئایین (هەر ئایینێك بێ) دەرچوو بێ، بێگومانیش نەك تەنیا ئیسلام بوون، بەڵکو گرێدانی پەیوەندی خۆشەویستیش لەگەڵ کەسێکی نا ئێزیدی جا موسڵمان بێ یان هەر هەر ئاینێکی دیکە، بۆ ئەو ئایینە دەرچوونە لە بنەماکانی ئایین. هەروەك چۆن عاشق بوونی کچی موسڵمان بە غەیری موسڵمان، بەدەر لە بەها مرۆڤایەتییەکەی ئەو کچە، "تاوانێکی گەورەیە ".

من گەیشتمە ئەو راستییەی کە لەنێوان (دوعا و موهەنەد) ئایین هیچ رۆڵێکی نەبینیوە و رەنگە باسیشیان لێوە نەکردبێت لەبەر ئەوەی بە بڕوای من لەسەرەتای پەیوەندی بەستن بوونەو نەگەیشتبوون بەو قۆناغەی کە بڕیاری بەهاوسەر بوون بدەن. بۆیە کەباس دێتە سەر ئایین دەبێ ئێمە زۆر هۆشیاربین و بزانین سەرچاوەی ئەو پڕوپاگەندانە لەکوێوە سەرهەڵدەدەن!!

دەمەوێت ئەوە رابگەیەنم کە دوعا نەبووە بە ئیسلام، بەڵگەش ئەوەیە کە من هاوکارێکی خۆم لە موسڵ راسپارد کە پەیوەندی بە لقی یەکێتی زانایانی ئایینی لە موسڵ بکات کەپەڕاوێکی تایبەت بە تۆمارکردنی ئیسلامبوونی کەسانێکی غەیرە ئیسلامیان هەیە، لەوەڵامدا رایانگەیاندووە کە لەماوەی 4-5 مانگی رابردوو هیچ ئیسلامبوونێك (نەکەسی کریستیان و نەکەسی ئێزیدی و نە غەیری ئەوانەش) لەو ناوچەیەیان تۆمار نەکردووە. کە بەپێی پەیرەوی یەکێتی زانایانی ئایینی، هەر کەسێك ببێتە موسڵمان، دەبێت لەسەر دەستی زانایەکی ئایینی (مەلا) موسلمانبوونی خۆی رابگەیەنێت و ئەو مەلایەش بۆ تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسە لەو پەڕاوە بەنوسراو ئاگاداری یەکێتییەکە دەکاتەوە.

دەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە ئایین لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا هاتووە، بۆیە دەبێ نەتەوەو خاکەکەمان کە بنەمای بە مرۆڤ بوونمانن لە ئایین خۆشتر بوێت و ئایین تەنیا ژیانمان بۆ رێك بخات و مرۆڤایەتیمان بپارێزێ. ئێمەی کوردستانیان لەو هەرێمە ئازادە نیعمەتی ئاسایشمان لەگەڵ دەرەوەی هەرێم (بەشەکانی دیکەی عێراق) بەراورد ناکرێ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە هۆوپێناویکمان بۆ تیرۆریستان فەراهەم نەکردووە و خۆمان رێگامان بۆ والآ نەکردوون کە بێنە ناو ماڵەکانمانەوە. ئاشکرایە گەر ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان سونە و شیعە لە شارە عەرەبییەکانی عێراق نەبووایە، تیرۆر ئەو دەستە باڵایەی لەو شوێنانە نەدەبوو، هەرخۆشمان ئەزموونمان هەیە کە تا ئەو دوو حزبە گەورەیەی کوردستان ناکۆك بوون، دەستی تیرۆر بەرۆکی کوردستانیشی گرتبوو. بۆیە دەبێ بەوپەڕی دڵسۆزی بۆ وڵاتەکەمان و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی لەهەمبەر ئەزموونەکەمان و لە پێناو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:53 1-5-2007

پاراستنی گیانی منداڵانمان لە قوتابخانەکاندا مامەڵە لەگەڵ ئەو رووداوە بکرێت و لە بەرامبەریشدا حکومەتی هەرێم بە سزادانی هەموو ئەو کەسانەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لەو کارەساتە نامرۆڤانەیە هەبووە دڵی ئەو خەڵکە هەست بریندارکراو و ویژدان هەژاوە هێور بکاتەوە.

zanadizayee@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.